لە شەودا ماوەیەک هەیە، هەرمسوڵمانێک لەو ماوەیەدا داوای هەرخێرێکی دونیا ودواڕۆژ لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە پێی دەبەخشێت، وئەمیش لە هەموو شەوێکدایە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «لە شەودا ماوەیەک هەیە، هەرمسوڵمانێک لەو ماوەیەدا داوای هەرخێرێکی دونیا ودواڕۆژ لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە پێی دەبەخشێت، وئەمیش لە هەموو شەوێکدایە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە هەموو شەوێکدا وەڵامی نزاکان دەدرێتەوە، بۆیە هەر بەندەیەکی مسوڵمان نزایەک بکات کە داوای حەرامی تێدا نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە وەڵامی نزاکەی دەداتەوە، وئەو ماوەیەش بریتیە لە سێیەکی کۆتایی شەو هەروەکو لە دەقەکانی سەحیحەکانی تردا هاتووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3625